## مادلین مەتەڕ:
# ئێستا سیاسییەکان لە هونەرمەندان زیاتر دەردەکەون



**مادلین مەتەڕ ناوێکی دیاری نێو مەیدانی گۆرانی و میوزیکی لوبنانییە، لە ساڵی ٢٠٠١یەکەمین گۆرانی خۆی بڵاوکردەوە کە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، ئەو هەر لە گۆرانیگوتن نەوەستا، بەڵکو پێی خستە نێو بواری نواندن لە فیلمی میسری و لوبنانی، لەم هەڤپەیڤینەدا دەڵێت حەز دەکات سەردانی کوردستان بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەیە گۆرانی بە زمانی کوردی بڵێت.**

*** تەمەنی منداڵیت چۆن بوو؟**

- یادگارییەکانی منداڵیم خۆش و ناخۆشیان تێدایە، چونکە لە نێو شەڕدا ژیام و سەردەمی نەبوونی جەنگیشم بینی، ئەم سەردەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەرمان هەبوو وەکو منداڵ، بەڵام نەوەیەکی بەهێز دەرچووین، چونکە پێموایە جەنگ دەبێتە هۆی ئەوەی کەسایەتییەکی بەرگریکارو بەهێزت هەبێت، کە رقت لە جەنگ بێت و زیاتر ئاشتیت خۆش بوێت.

*** چی وای لێکردی روو لە نواندن بکەیت؟**

- بەهرەکانم لە نێوان گۆرانی و نواندندان، بەڵام زیاتر گۆرانیم خۆشدەوێت، چونکە دایکم خاوەن دەنگێکی زۆر خۆش بوو و لەسەر دەنگی دایکی خوالێخۆشبووم پەروەردە بووم و لە سەرەتاوە لە رێگای دەنگی دایکمەوە عاشقی گۆرانیوتن بووم، دواتر رووم لە کۆنسێرڤاتواری نیشتمانی لوبنانی کرد و چوار ساڵی گۆرانی رۆژهەڵاتیم خوێند، بۆیە بڕیارمدا سەرەتا پەرە بە بەهرەی دەنگی خۆم بدەم، دواتر رووم لە نواندن کرد، بەڵام من بۆی نەچووم بەڵکو محەمەد سوبکیی دەرهێنەر لە میسر پەیوەندیی پێوە کردم ولەو رووەوە بەشداریم لە فیلمی (اخر کلام)دا کرد، هەرچەندە زیاتر گرنگی بە گۆرانی دەدەم و بە هەموو رۆڵێك رازی نابم لە نواندن، بەڵام تا ئێستا خەوەنەکانم نەهاتوونەتە دی، چونکە بەشداریم لە دوو فیلم کردووە، یەکیان پاڵەوان بووم، ئەویتریش میوانی شەرەف، پێموایە لە هونەر بە گشتی بە هیچ شێوەیەك ئاواتەکان نایەنە دی.

*** کەشوهەوای ئێستای هونەر چۆن وەسف دەکەی؟**

- من پێموایە کەشوهەوای هونەری بوونی نییە لە ئێستادا، ئەوەی هەیە کەشوهەوای سیاسییە، خەڵك ئەوەندەی گرنگی بە نان و بژێوی دەدات هیچ گرنگییەك بە گۆرانی نادات، لە بەرامبەردا چاوەڕێ دەکەن جەنگی داهاتوو لە کام وڵات دەبێت، ماوەیەك ناوچەکە لە خۆشگوزەرانیدا بوو،

بەڵام لە ناکاو بارودۆخەکە بە تەواوی گۆڕا، ئەمەش وایکردووە کە سیاسییەکان بوونەتە ئەستێرە و پاڵەوانی شاشەکان لە جیاتی هونەرمەندان، بەڵام ئێمە لە پێش سیاسییەکانەوەین، چونکە پەیامی ئێمە ئاشتییە و ئەوان پەیامیان جەنگە.

*** تا چەند لە کارە هونەرییەکانی خۆت رازیت و خۆت بە هونەرمەندی کام سەردەم دەزانی؟**

- کارەکانم زۆر باش و سەرکەوتوون و هەموویان لە خۆم دەچن، سەرەڕای ئەوەش هێشتا ناڵێم خەڵك سەدا سەت لە کارەکانم رازین، بەڵام من لە هەموو کارەکانم رازیم، چونکە هەڵبژاردەی خۆمن، سەبارەت بە شی دووەمی پرسیارەکە نازانم من لە کام سەردەمم، ئەوەی دەزانم من و چەند هونەرمەندێکی دیکە لە سەردەمی (کاس النجم) و مامۆستا سیمون ئەسمەرین کە بەوە ناسراوە کەمێکی لە هونەری کۆن و زۆری لە هونەری نوێ پێشکەش کردووە.

*** پەیوەندیت لەگەڵ سۆشیال میدیادا چۆنە؟**

- زۆر باشە چاودێری فەیسبوك و سناپچات و ئەنستاگرام دەکەم و هەرچی هەواڵ و چالاکییەم هەیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی دەکەم و لە جەماوەری خۆم نایشارمەوە، بەڵام لەو سنوورەی کە من ڕێگای پێدەدەم، من ناتوانم هەر خەریکی سۆشیال میدیا بم، چونکە کاری دیکەم هەیە، ئەنجامی دەدەم، زۆرم پێ سەیرە هەندێك کەس ئەو هەموو کاتەیان لە کوێ بوو ئەوەندە سەرقاڵی سۆشیال میدیان.

*** تا ئێستا ڕووبەڕووی ڕەخنە بوویتەوە بەهۆی وێنە و کلیب و فیلمەکانت؟**

- نەخێر، چونکە سنووری خۆم نەبەزاندووە کە جلەکانم ڕووت بن، یان کلیپەکانم لە ئاستێکی نزمدا بن، من کەسێکی مۆدێرنم سەرەڕای ئەوەش جلوبەرگم سنووری نەبەزاندووە بە جۆرێك کە خەڵك باسم بکات و لێم بێزار بێت، تەنانەت زۆر جار هەست دەکەم کەسێکی بە جورئەت نیم لە پۆشینی جلوبەرگدا، ئەمەش پەیوەندی بە پەروەردەی منەوە هەیە.

*** چ پەیامێکت هەیە، کە دەتەوێت لە ڕێگای هونەر بیگەیەنیت؟**

- هەڵبەتە من زۆر پەیامم هەیە، کە دەتوانم لە ڕێگەی هونەر بیبیانگەینم، چونکە هونەر مینبەرێکە لەم ڕێگایەوەخەڵك پەیامەکانیان پێ دەگات، ئێمە گۆرانی بۆ خۆشەویستی و ئاشتی دەڵێین، خەڵك هونەرمەندەکانین زیاتر لە سیاسیەکان خۆشدەوێت، من هەمیشە لەگەڵ خوشی و ناخۆشیەکانی گەلی خۆم بوومە، لە کاتی شەڕی عێراق بەشێکی زۆر لە هونەرمەندان ڕەتیان کردەوە سەردانی بەغدابکەن، بەڵام من سەردانی بەغدام کردوو، گۆرانیم لە بەغدا پێشکەشکرد، چونکە ئێمەی لوبنانی شەڕ و ماڵوێرانیمان دیوە، هەست بە ئازارەکانی گەلانی دیکە دەکەین، هەمیشە لە ریزی گەل دەمێنینەوە.

*** تاوەکو ئێستا سەردانی کوردستانت نەکردووە؟**

- بەداخەوە ڕێکنەکەوتووە سەردانی کورستان بکەم، بەڵام لەبارەی کوردستان زۆر شتیان بۆ باس کردووم، هەروەها باسی جوانیی سرووشتی کوردستانیان بۆ کردووم، بەخۆشحاڵییەوە لە کاتێکی زۆر نزیکدا دێمە کوردستان.

*** ئەی زانیاریت لەسەر هونەری کوردی هەیە؟**

- مخابن هیچ زانیارییەکم لەسەر هونەری کوردی نییە، بەڵام من بڕوام وایە، هەر گۆرانی و میوزیکێکی خۆش بێت، گوێی بۆ دەگرم، ئەگەر لە وشەکانیش تێنەگەم. چونکە میوزیك زمانێکی جیهانییەو سنوورەکان کاڵ دەکاتەوە، میوزیك زمانی رۆحە و مەوداکان کورت دەکاتەوە.

*** ئایا ئامادەی گۆرانی بە زمانی کوردی بڵێیت؟**

- وەکو پێشتر گوتم، من هیچ شارەزاییەکم لە میوزیکی کوردی نییە، بەڵام ئەگەر گۆرانییەکی خۆش هەبێت، بێگومان دەیڵێم، دەتوانین ئاڵوگۆڕی کولتووری لە نێوان کوردستان و لوبناندا بکەین. لەو سەردانم، کە بە نیازم بۆ کوردستان ئەنجامی بدەم، لەگەڵ ئاوازدانەری کورد گفتوگۆ دەکەم بۆ بەرهەمهێنانی گۆرانییەکی کوردی.

*** دوایین پڕۆژەت چین؟**

- لە پڕۆژە نوێیەکانمدا بڕیارە گۆرانییەکی دیکە بەشێوەزاری عێراقی تۆمار بکەم، هیوادارم بە دڵی هەموو هەوادارانم بێت، دەمەوێت ئەوەش بڵێم، کە زۆر خوشحاڵ دەبم کۆنسێرت لە کوردستان سازبکەم.



# کندە عەلوش بەرگری لە دینا دەکات



لە میانەی ئاهەنگی کردنەوەی دووەم خولی فیستیڤاڵی سینەمایی جونەی لە میسر، خانمە ئەکتەری میسری دینا ئەلشربینی رووبەڕووی هێرشێکی توندی میدیاکان و هەوادارانی بۆوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی ئەو جلوبەرگەی کە لە ئاهەنگەکە پۆشیبووی.

ئەم هێرشە کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆی داهێنا و زۆر لە هەوادارانی پشتگیریی ئەم هێرشەیان کرد، لە بەرامبەردا ئەکتەرەکان بەتایبەتی خانمەکان پشتگیری دینایان کرد و رایانگەیاند کە هەر کەسێك ئازادە چی دەپۆشێت، بەڵام کاردانەوەی توند دژی ئەم هێرشە لەلایەن خانمە هونەرمەند کندە عەلوش بوو، کە لە ئەکاوەنتی تایبەتیی خۆی لە تویتەر زۆر بە توندی بەرگری لە هاوڕێکەی کرد.

کندە لە تویتێکدا نووسیویەتی: هەندێك کاری منداڵانە هەیە کە تەنیا لە تەمەنێکی زوودا مرۆڤ ئەنجامی دەدات، کاتێك هەڵە و راست جیاناکاتەوە، بەڵام هەندێك کەسی گەورەش هەن بە ئەنقەست کاری زۆر منداڵانە ئەنجام دەدەن، ئەو هێرشە بێ مانا و زیانبەخشەی کە دەکرێتە سەر دینا و زۆر لە هونەرمەندە خۆشەویستەکانمان لەو جۆرە رەفتارە منداڵانەن و پێویستە ئەو کەسانە لێی دووربکەونەوە.

کندە بەردەوام دەبێت لە بەرگریکردن لە دینا و زیاتر دەڵێ: ئەگەر جلوبەرگی هونەرمەندێکت بە دڵ نەبێت، ئەوا دەتوانی بە ئەتەکێت و رەوشتێکی بەرزەوە ئەو هەستەت دەربڕی، بەڵام گاڵتەپێکردن لە شێوەی کەسێك بەهۆی گۆشەیەکی وێنەگرتنی نەگونجاو، یان زیادبوون و کەمبوونی کێشی لەش، ئەوا بێگومان کارێکی رەگەزپەرستییە.



# سانیا باس لە سەردەمی هەژاریی خۆی دەکات

ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی فیلمی (dangal) بە دەستی هێنا، هۆکارێکی سەرەکی بوو کە هەر یەکە لە سانیا مالهوترا و فاتیما سنا شێخ لە کاتێکی زوو و پێوانەییدا وەك دوو ئەستێرەی سینەما لە هیندستان دەرکەون و میدیاکانی ئەو وڵاتەش گرنگییان پێ بدەن.
سانیا لە میانەی نمایشکردنی فیلمەکەی بۆ رۆژنامەنووسان وتی: من زۆر رازیم لەو سەرکەوتنەی کە تا ئێستا بە دەستم هێنا و ئەو ماندووبوونەی کە لە تەمەنی منداڵیدا چەشتوومە، ئێستا بووەتە بەشێك لە رابردوو، چونکە خەونی هەرە گەورەی ژیانم ئەوە بوو رۆژێك لە رۆژان ببم بە ئەکتەر و هەر لە منداڵییەوە بەڵێنم بە خۆم دابوو کە بە هەموو شێوەیەك هەوڵ بدەم بۆ بەدیهێنانی ئەم خەونەو لە کۆتاییدا توانیم بیکەم بە راستی، ئەمەش مایەی دڵخۆشییەکی بێ سنووری منە، چونکە بەدیهاتنی خەونی منداڵی بۆ هەر کەسێك دەبێتە هۆی ئەوەی کە تا هەتایە ئاسوودە بێت.
سانیا مالهوترا هەروەها چەند راستییەکیشی بۆ رۆژنامەنووسان ئاشکرا کرد و وتی: کاتێك یەکەم جار هاتمە مۆمبای باوکم زۆر پشتگیری کردم، بەڵام من حەزم دەکرد سەربەخۆ بم لە هەموو روویەکەوە، بەتایبەتی لە رووی ماددی و ئابوورییەوە و نەمدەویست هەمیشە داوا لە باوکم بکەم، بۆیە بە کەم رازی دەبووم، زۆر جار خواردنی زۆر سادەم دەخوارد و گرنگیم بەو لایەنە نەدەدا، چونکە خواردن بۆ من هیچ کاتێك گرفت نەبووە، حەزم لە میوەی وشك دەکرد، هەرچەندە نەمدەتوانی بە دڵی خۆم سێو بکڕم، بەڵام سەرەڕای ئەمەش بە جددی هەوڵم دەدا بۆ بەدەیهێنانی خەونەکانم، سوپاس بۆ خوا کە ئێستا ئەو رۆژە سەختانەم بیر چووە و ئاسوودە دەژیم.





# دایکی لۆڤاتۆ باسی کچەکەی دەکات

ماوەیەك بەر لە ئێستا میدیاکان رایانگەیاند کە خانمە ئەکتەری ناسراوی ئەمریکا دیمی لۆڤاتۆ هۆگری مادده هۆشبەرەکان و خواردنەوەی کحوول بووە و بۆ رزگاربوونی لەو دۆخە ئێستا لە نەخۆشخانەیەکی تایبەت چارەسەری وەردەگرێت، ئەم هەواڵە بۆ هەواداران و هاوڕێیانی لۆڤاتۆ زۆر ناخۆش بوو.
بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی (Access)ی ئەمریکی دایکی لۆڤاتۆ لە میانەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا باسی ئەو ساتەی کردووە کە هەواڵەکەی زانیوە و لەم بارەوە دەڵێ: کاتێك ببینیم لۆڤاتۆ لە هۆش خۆی چووە لە بارودۆخێکی زۆر سەخت و ناخۆشدا بوو، یاریدەدەرە تایبەتەکەی لە ماڵی خۆی لە هۆڵیۆد گەیاندییە نەخۆشخانە و لەوێ پەیوەندییان پێوە کردم کە پێویستە هەر ئێستا سەردانی نەخۆشخانە بکەم، کە بینیم لە هۆش خۆی چووە و توانای قسەکردنی نییە، تووشی شۆك بووم کە بەو شێوەیە بینیم و توانای قسە کردنی نییە.
دایکی لۆڤاتۆ هەروەها دەڵێ: دوایین شت کە پێشبینیم کرد، بینینی کچەکەم بوو کە توانای قسەکردنی نییە و لە هۆش خۆی چووە، بەڵام من وەك دایکێك خۆڕاگر بووم بەرامبەر کچەکەم و خوشك و براکانی، چونکە بڕوای تەواومان هەبوو کە هەرچۆنێك بێت چاك دەبێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش نزا و پاڕانەوەی زۆرمان لە خوا کرد کە چاك ببێتەوە، ئەوە لە کۆتاییدا دوای دوو هەفتە لە بیهۆشی چاك بووەوە و قسەی کرد، ئێستاش پشتیوان بە خوا گەیشتینە ئەو قۆناغەی کە لە لەدەستدانی کچەکەم تێپەڕیوە و دڵنیام خۆیشی ئەوەندە هێزی تێدایە کە زوو چاك ببێتەوە.
شایەنی باسە دوای دوو هەفتە لە بێهۆشی ئێستا تەندروستی لۆڤاتۆ بەرەو باشی دەچێت.

# هونەر و شکۆ و گەورەیی هونەرمەند

وەك دەزانین هونەر لەناو تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بەشێکی گرنگی کولتوور و ناسنامەکەیەتی. لە دونیادا، نەتەوە و رێکخراو و جڤاتەکان ئەوەندەی لە رێی هونەر و هونەرمەندانیانەوە دەناسرێنەوە، کەمتر لە رێی دیکەدا ناوبانگیان هەیە. لەناو ئێمەی کوردیشدا، هونەری کوردی پانتاییەکی گەورەی لە کولتوور و کەلەپووری کوردەواریدا داگرتووە، کۆڵەگەیەکی بەهێزیش بووە لەو کۆڵەگانەی کە تا ئێستا کوردی بە زمان و مێژوو و کولتوورەوە بە زیندوویی هێشتۆتەوە. بۆیە هونەرە جوانەکان بە گشتی پێگە و شوێنی زۆر بەرز و شایستەیان لە هەناوی کولتوور و شوناسی کورددا هەیە و رۆڵ و تواناکەیشی حاشاهەڵنەگر و شکۆمەندانەیە.

لەو دیدگایەشەوە، کەسایەتیی هونەرمەند، وەك کاراکتەری دیاری نێو کۆمەڵگە کەسایەتییەکی مەعنەوی گەورە و رێزلێگیراوە، ئەو کەسایەتییە، کە هەوێنی پێگەیشتنی هزری رۆڵەکانی نەتەوەکەیەتی، کەسایەتییەکی شکۆمەندانە و گەورەیە، خۆڕا نیە کە کورد وەك رێز و پێزانین کە ناوی هونەرمەندان دێ، پێیان دەڵێ (مامۆستا)، با ئەگەر هونەرمەندێکی نەخوێندەواری میللییش بێ، بەڵام هونەرەکەی و ئەو وزە و جوانییەی ناو بەرهەم و کارەکانی، ئەوی کردۆتە وەستاکار و مامۆستا، کە جێی شانازی و پێزانینی کۆمەڵگەکەیەتی.

لەو سۆنگەیەوە دەبێ، کەسی هونەرمەند، کەسایەتی و پێگەی خۆی لەناو کۆمەڵگەدا بناسێتەوە و لێی دیار بێ و بزانێ، کە ئەو هێزێکی مەعنەوی گەورەیە و موڵکی گشتییە و نابێ بەدوای بەرژەندییەکانی خۆیەوە بێ، بەڵکو پەیامی ئەو ئاسوودەیی خەڵك و جوانکردنی ژیانە بۆ هەمووان، بۆیە دەبێ ئەو پلە و رێزە بە دەسکەوتێکی گەورە بزانێ و هەمیشە بیپارێزێ و بۆ هیچ شتێك شکۆی نەڕوشێنێ.

لە وڵاتان بە گشتی، کاتێك بۆنەیەکی گەورەی نیشتمانی یان نەتەوەیی بەڕێوە دەچێ، بەڕێوەبەر و ئامادەکارانی بۆنەکە داوا لە هونەرمەندە گەورەکانیان دەکەن، کە لە دەسپێکی کردنەوەی بۆنەکەدا، ئەوان بە کارێکی ناوازەی ئۆکسترا، یان ئۆپێرا، یان سەمفۆنیا و شانۆنامەیەکی بەرز چالاکییەکە بکەنەوە، بۆ ئەمەش، وێڕای ئەوەی کە بە فەرمی داوایان لێ دەکرێ و پێگەکەیان لەبەرچاو دەگیرێ، لە هەمان کاتیشدا بودجە و هەموو رێوشوێنێکی پێویستیشیان بۆ دەگیرێتە



فەرهەنگ غەفوور

بەر، بۆ ئەوەی کارەکەیان شاکار بێ و بۆنەکە هەنگاوێك بباتە پێشەوە.

لە کوردستانی خۆشماندا، وەك وڵاتانی دونیا، بۆنەی نەتەوەیی و نیشتمانی گەورەمان هەن، کە ساڵانە بە فیستیڤاڵ و کەرنەڤاڵ و ئاهەنگ یادیان دەکرێتەوە، جا بۆ ئەوەی ئەو چالاکییانەی کوردستانیش، مینا چالاکییەکانی گەلانی دونیا، بەرز و واتادار بن، هەقوایە کە:

- لایەنی جێبەجێکار و بەڕێوەبەری ئەو ئاهەنگ و کەرنەڤاڵانە، بە هەستی پێزانین و نرخاندنی پێگە و رۆڵی هونەر و هونەرمەندان، بە فەرمی داوا لە گرووپە هونەرییەکان و هونەرمەندانی بە ئەزموون و رەسەن بکات، کە بە گوڕ و تین و حەماسەتەوە، بە هونەرە بەرزەکانیانەوە، بەشدارییان لەگەڵدا بکەن و ڕوویەکی شارستانی و هاوچەرخانە بە فیستیڤاڵ و کەرنەڤاڵەکانیان ببەخشن.

- بودجە و تێچوو و حەقدەست و ئیمتیازی تەواو بۆ لایەنە هونەرییەکە و هونەرمەندان تەرخان بکەن و باشترین و نوێترین ئامراز و کەرەستەی پێویستیان بۆ فەراهەم بکەن.

- هونەرمەندانیش پێویستە لەسەریان کاری باش و جددییان پێشوەختە لە بازاڕی هونەردا سەنگ و رەواجیان هەبووبێ و ناسراو بن و تواناکیان وەدەرکەوتبێ.

- هونەرمەندان دەبێ شکۆی خۆیان و هونەرەکەیان بپارێزن و زۆر بە سەنگینی بچنە سەر ئەنجامدانی کار و بەرهەمەکانیان لە بۆنە تایبەتی و گشتییانەدا.

- نابێ هونەرمەند خۆی بچێ و داوا و واسیتە بکا بۆ ئەوەی لە گۆشەیەکدا وەبەرچاو بکەوێ و بواری ئەوەی بدەنێ کارێکی خۆی لەو بۆنانەدا پێشکەش بکا، چونکە ئەمە بە کەمایەسی بۆ هونەرمەندەکە و هونەرەکەیشی دەشکێتەوە و هیچ ئیزافە و جوانییەکیش بە بوارەکە و بۆنەکە ناگەیەنێ.

- با ئێمەی هونەرمەندانی کوردستانیش وەك هونەرمەندە بەرزەکانی دنیای دەرەوە، کۆمەڵگە بە ورد و درشتیەوە بەدوای دیدگا و تێڕوانینە جوانەکانی خۆمان رابکێشین و بەرەو ئاسوودەیی و بەرزی رێنوێنییان بکەین، نەك خۆمان ئەوەندە لا بچووك و پەراوێزخراو بێ، کە بۆ دەستکەوتێکی کەمی کەمنرخ، لە پێگە و شکۆی خۆمان و هونەرکەمان کەم بکەینەوە و لە ئاست و پێگەی خۆمان کەم بکەینەوە.

-هونەرمەندان با پێشەنگ و مامۆستای راستەقینەی گەل بن و هونەریش قوتابخانە گەورە و جوانەکەی بێ.